المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (8) – العدد(2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص:37-52

# منداڵیی لە حەشارگەی ڕۆحی شاعیردا

## توێژینەوەیەکی شیکارییە، لەبارەی دەربڕینی منداڵانە لە هۆنراوەدا

سالار کەریم حسێن

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی، بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات، سلێمانی، عێراق

Email: salar.hssein@uhd.edu.iq

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بەناوی ( منداڵی لە حەشارگەی ڕۆحی شاعیر) دا، هەوڵێکە بۆتیشک خستنەسەر جۆرێکی تایبەتی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا، ئەویش ئەو دەقانەن کە بە ڕۆحیەت و هەناسەو دەربڕینێکی منداڵانەوە نووسراون، بەڵام هاوکات هەڵگری دیدێکی قووڵی فەلسەفی و مەعریفین و ئاستێکی باڵاو بەرزی هونەری و فیکری و لۆژیکییان پێوە دەبینرێت، بەکارهێنانی ئەم تەکنیکەش لەلایەن هەندێک لە شاعیرانمانەوە، دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی هوشیارییەکی بەرزو ڕۆشنبیرییەکی قووڵ، کە دەیانەوێت بەم شێوازو فۆرمە لەنووسین، سنووری باوی شیعر تێپەڕێنن، تا دواجار دەقێکی پڕاوپڕ لە شیعرییەت و ئیستاتیکاو چێژ بخولقێنن کە بەڕواڵەت و فۆرم سادەو منداڵانە بێت، بەڵام بە ناوەڕۆک پڕ لە دەلالەت و بیرومەعریفەی مرۆڤایەتی بێت و بۆ جیهانی گەورەکان نووسرابێت، بۆ ئەم مەبەستەش سودیان لە بەرجەستەکردنی ڕەفتارو دەربڕین و سایکۆلۆجیای منداڵانە وەرگرتووە، تا دواجار وێنەیەکی ساکاری منداڵانە بدەن بە فۆرمی دەقەکانیان و لە جیهانی پڕ ئەفسونی منداڵییەوە نزیکیان بکەنەوە و بەوجۆرە ئاراستەی گەورەساڵانی بکەن.

**کلیلەوشە**: شیکاریی دەق، تێمای نزیکبوونەوەی شیعر لەجیهانی منداڵی، سایکۆلۆجیای منداڵ، شیعریەتی دەق، دەقی باڵا.

**الملخص:**

يسعى هذا البحث الموسوم:( الطفولة في جوهر روح الشاعر) الى إلقاء الضوء على نوع من الشعر في الادب الكردي يُكتَبُ بروحية طفولية وتعبير طفولي نادر، وفي الوقت نفسه يلمس فيه رؤيا فلسفية ومعرفية عميقة تطرح في مستوى فكري وفني منطقي، ويعود الفضل في إكتشاف هذه الروحية الطفولية العالية والتركيز عليها في نصوص بعض شعرائنا، الى وجود وعي راق وثقافة عميقة لدى أصحابها، الذين ينوون بهذا النوع من الاسلوب تجاوز الأ'طر الضيقة، لخلق نصوص مشحونة بالشعرية والجمال والذوق، حيث يبدو في ضاهره بسيطاً ميالاً إلى الخصوصية والبساطة الطفوليتين و يحمل بين طياته مضامين ذات دلالات ومعرفة إنسانية عميقة، بحيث يجعل القارئ مقتنعاً إنه مكتوب في الاساس للكبار.

في هذا النوع من الشعر يفيد الشاعر من تجسيد وتوضيف سلوك وتعبير وسايكولوجيا الصغار، كي يمنح نصه صورة طفولية بسيطة وساحرة وعميقة لتوجيهه الى القارئ الكبار.

**الكلمات المفتاحية:** تحليل النص، موضوع مقاربة الشعر لعالم الطفولة، علم نفس الطفل، شعر النص، النص العالي.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (8) – العدد (2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**Abstract:**

the summary of this research which is called: (the childhood in the hideout of poet`s soul), we find out that in Kurdish literature, there is a special type of poem that is written with a childish sense and spirit, at the same time it is highly philosophical and a deep level of artistic and logic can be seen from them.

Using such technique by our poets refers to having a high awareness and deep knowledge by them which made them pass the limit of poem through this form of writing poems, to finally create a text that is full of delight and meaning, in a way its form looks childish and simple yet its context is full of wisdom and deep meanings, to this purpose they used the embodiment of children’s psychology and behavior, to give their poems the sense of children’s magical world.

**Key words:** Text analysis, theme of approaching poetry to the world of childhood, child psychology, text poetry, higher text.

**هۆکاری توێژینەوەکە**

1. نزیکی شیعر لە جیهانی منداڵیی و ئەوپانتاییە فراوانەی کە ڕۆحییەت و دەربڕینی منداڵانە لەشیعردا هەیەتی.
2. فانتازیاو جوانی سەردەمی منداڵی و کاریگەری زۆری لەسەر هەرتاکێک و ئارەزوی گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ ئەوقۆناغەی تەمەن.
3. گرنگی ئەم جۆرە شیعرە لەڕووی بەهای ئێستاتیکی و هونەری، وەک میکانیزمێک بۆ دروستکردنی شیعریەتی دەق و دەقی باڵا.
4. هێندەی ئێمە ئاگاداربین تا ئێستا لەناوەندی ڕۆشنبیریی و ڕەخنەی کوردیدا توێژینەوەیەکی ئەوتۆ لەم بارەیەوە نابینرێت.

**میتۆدی توێژینەوەکە**

سەبارەت بە میتۆدی کارکردن، سودمان لە میتۆدی وەسفیی شیکاریی تێکەڵ لەگەڵ میتۆدی دەروونناسی وەرگرتوە، لەم ڕووەشەوە سودمان لە دید و بۆچوونە دەروونناسییەکانی منداڵانمان لای (جان پیاجێ) وەرگرتوە و کردوومانە بە بنەمای کار.

**سنووری توێژینەوەکە**

لەم توێژینەوەیەدا جگە لە سەرەتایەکی کورتی تیۆری لە بارەی زانستی شیکاری دەق و تیمای نزیکبوونەوەی شیعر لە جیهانی منداڵیەوە، پراکتیکی دروستبوونی دەقی شیعریمان کردووە بە دەربڕینی منداڵانە، لەوگۆشەنیگایەوە ڕەفتارو هەڵسوکەوت و زمان و چەند لایەنێکی دیکەی سایکۆلۆژیای منداڵانەمان لەدەقی شیعریدا پێ دەستنیشان کردووە، نموونەی بنەڕەتیمان لە شیعری (لەتیف هەڵمەت) وەرگرتوەو لەپاڵیشیدا نموونەی چەند دەقێکی کەمی (شێرکۆبێکەس، بەڕۆژئاکرەیی، هێمن موکریانی، ڕەفیق سابیر) مان وەرگرتوە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**پێشەکی**

شیکاریی دەقی ئەدەبی کە دەکەوێتە چوارچێوەی ڕەخنەی ئەدەبییەوەو دیوی پراکتیکی ڕەخنەیە، بەهۆکارێکی گرنگی بەرەوپێشبردنی ئەدەب دادەنرێت، چونکە ئەگەر خودی ئەدەب لەکورتترین پێناسەیدا بریتی بێت لە هونەری دەربڕین، ئەوا ڕەخنە بریتیە لە لێکۆڵینەوە لەو دەربڕینانە، ئەمەش بوارەکە فراوانتر دەکات و نهێنی و شاراوەو نادیارەکانی ناو دەق لەڕووی سەرخان و ژێرخانەوە ڕوون دەکاتەوە، ئێمە لەم بابەتەماندا هەوڵمانداوە لەبواری شیکاری دەقی شیعریدا دەست بۆبابەتێکی تایبەت ببەین و دیاردەیەکی گرنگی جیهانی شیعرمان کردووە بەهێڵی ئیشکردن، ئەویش نزیکی شیعرە لە هەندێک بواردا لەجیهانی منداڵییەوە، بوونی ڕۆحیەت و دەربڕین و مۆرکێکی منداڵانەیە بە هەندێک دەقی شیعرییەوە، لێرەدا دەبێت بوترێت کە لەم توێژینەوەیەدا بەهیچ جۆرێک مەبەستمان ئەدەبی منداڵان نییە بەو واتایەی کە دەقەکە بۆجیهانی منداڵان نووسرابێت و کارمان لەسەر ئەوبوارە نەکردوە، بەڵکو مەبەستمان ئەو دەقە شیعریانەیە کە بۆگەورەکان دەنووسرێن نەك منداڵان.

**بەشی یەکەم: شیکاری دەق و میتۆدەکانی لە ئاماژەیەکی تیۆریدا**

**پاری یەکەم: شیکاری دەق و میتۆدەکانی**

**شیکاری دەق... چەمك و زاراوە**

زاراوەی شیکاریی (Analyze) لە زماندا بریتیە لە پرۆسەی هەڵوەشاندن و شیکردنەوەو لەیەك جیاکردنەوەی ڕەگەز و دانە پێکهێنەرەکانی بابەتێك، دەکرێت دەلالەتی شیکردنەوە لە بابەتی مادیدا، شیکاری کیمیایی یاخود شیکاری ڕەگەزەکانی خوێن لەتاقیگەدا بە نموونە وەربگرین، بەڵام (لەبواری فیکریدا بریتیە لەپێناسەو وردکردنەوەو ڕۆچوون بەناو زاراوەو دەستەواژە هزرییەکان و حوکم دان بەسەریاندا). {خليل احمد( الدكتور):١٩٩٥: ٣٨}.

شیکاری دەقی ئەدەبی هەموو ئەو ڕێگاوهەنگاوانە دەگرێتەوە، کە لەسەربنەمای پشکنینێکی بابەتیانە و ڕاڤەکردنی ناوەکی و مەعریفی بۆ دەقی ئەدەبی دەکرێت، وەرگێڕانیەتی لەدەقێکی ئەدەبیەوە بۆ دەقێکی تر کە جیاواز بن لەڕووی زمان و داڕشتنەوە، دەتوانین بڵێین گۆڕینی فۆرمی دەقەکەیە لەجۆرێکەوە بۆجۆرێکی درێژترو بەربڵاوی هەمان دەق، بەئامانجی ڕوونکردنەوەو دۆزینەوەی واتا و چەمکە شاراوەکانی ناودەق و تەکنیکە جۆراوجۆرە زمانەوانییەکان و وێنەی شیعری و ئێستاتیکا و چەندین جۆر لە هونەرو بەکارهێنانی تواناو ڕۆشنبیری خاوەن دەق، ئاشکراکردنی نهێنی و مرواری گرانبەهای ناو دەقەکە بۆ خوێنەران.

لەڕێگای شیکارییەوە وێنەیەکی گشتیمان لەبارەی دەقە شیکراوەکەوە دەست دەکەوێت و بەشێوەی پراکتیکی و مەیدانی چارەسەری گرفتە سەرەکیەکە دەکەین، کە وەك گرێیەك یان نادیاری و ناڕوونییەك بەدەقەوەیە، هەتا کۆدەکانی ئاشکرا ببێت، چونکە (ڕاڤەکردن کردارێکی بازنەییە، بەوپێیەی کە بەشەکانی دەق لەڕووی واتاوە بەستراونەتەوە بەکۆی جەستەی دەقەکەوە، بەپێچەوانەیشەوە). { أندر أدجار و بيتر سيد جويك:٢٠١٤، ١٥٠}.

**میتۆدەکانی شیکاریی دەق**

میتۆدەکانی شیکاریی دەق هەموو ئەو ڕێگاو ڕێبازو هۆکارە زانستی و لۆژیکیانە دەگرێتەوە کە بەهۆیانەوە دەقێکی ئەدەبی شیتەڵ دەکرێت، یاخود دەیانکەین بەبنەماو بەرچاوڕوونی و لەبەر تیشکی وردەکاریەکانی ئەو میتۆدەوە لەدەق دەڕوانین و دەیانکەین بەئامرازێك و کاری ڕاڤەکردن و شیکاری و وردکردنەوەی ڕەگەزو جەمسەرە جیاوازەکانی دەقەکەی پێدەکەین.{خليل أحمد(١٩٩٥: ٣٩}.

میتۆدەکانی شیکاری دەق پەیوەندی نێوان دەق و ڕەخنەگر دروست دەکات، پردێکە لەوێوە ڕەخنەگر خۆی دەگەیەنێت بەجەمسەرە جیاوازەکانی دەق، لەهەمان کاتیشدا سنوورو هێڵی ئیشکردنی ڕەخنەگر دەستنیشان دەکات، بەو واتایەی کە شرۆڤەکار هەرمیتۆدێك هەڵبژێرێت بۆ کارەکەی،(کە زۆرجار دەشێت لەیەك میتۆد زیاتر بێت)، ئەوا سنوورێك دەکێشێت لەنێوان میتۆدی کارپێکراوی خۆی و ئەوانەی تر کە بەکاریان ناهێنێت.

زۆرن ئەو میتۆدە زانستیانەی کە دەکرێت ڕەخنەگر لەکاتی ڕەخنەگرتن و پرۆسەی شیکاری دەقدا سودیان لێ ببینێت، لەکۆنەوە چەندین ڕاوبۆچوون لەبارەیانەوە دراوە، بۆنموونە: د.کامل حەسەن بەسیر ئاماژەی بەسێ جۆری سەرەکی کردوە ئەوانیش بریتین لە:

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.3

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

1- ڕێبازی ڕووکەشی و ڕواڵەتی، کە پێوانەکەی وشەو واتایە.
2- ڕێبازی دابەشکردنی تێکستی ئەدەبی بەسەر ڕوخساو ناوەڕۆکدا.
3- ڕێبازی یەکخستن یاخود یەکدیگیر، کە دەق وەك بەرهەمێکی یەکدیدگیرو یەك پارچە دەبینێت، ئەگەرچی لەبنەڕەت و پێش دروستبوونیدا لەچەند سەرچاوەیەکی جیاوازەوە هەڵقوڵابێت.{کامیل حەسەن بەسیر(د) : ١٩٨٣: ١٤٣-١٤٥}.

ئەم ڕایەی ناوبراو کورت وپوخت کردنەوەی زۆرجەمسەروبۆچوونی ڕەخنەییە و چڕکردنەوەی چەندین میتۆدە لەژێر پۆلێن کاریەکدا بۆکاری شیکاری دەق، بەڵام دەتوانین وەك وردەکاریەکی زیاتر چەندین میتۆدی دیکە دەستنیشان بکەین، کە وەك ڕێگای جۆراوجۆر لەکۆنەوە تائێستا شیکاری دەقی ئەدەبیان پێکراوە، وەک میتۆدەکانی: (کۆمەڵایەتی، مێژوویی، سایکۆلۆژی، بونیادگەری، فۆرمالیزم، سیمۆلۆژی، هەڵوەشاندنەوەگەرایی، وەرگرتن و پێشوازی.... هتد )، ئەوەی کە بەلامانەوە گرنگە ئاماژەی پێبدەین ئەوەیە کە چەند پێوەرو بنەمایەك لای ڕەخنەگر هەن بۆ هەڵبژاردنی هەریەکێك لەومیتۆدانەی تایبەت بەکاری شیکاری دەق کە ئەمانەن:

**یەکەم:** هەندێکجار ویست و ئارەزو و چەشەی ئەدەبی و ڕەخنەیی خودی ڕەخنەگر هۆکارە بۆ هەڵبژاردنی میتۆدێکی دیاری کراو.

**دووەم:** هەندێکجاری تر چەند ئەدگارو تایبەتمەندیەك لە دەقەکەدا هەن، کە نزیکی دەکەنەوە لە میتۆدێکی دیاریکراوەوە، دەقەکە دەگونجێنێت لەگەڵ ئەومیتۆدەدا و ڕایدەکێشێت بەلای خۆیدا، کە ئەمەی دووەمیان باشترین و گونجاوترین میکانیزمە بۆ شیکاری دەق و ئەنجام و بەرهەمی زیاتر دەدات بەدەستەوە.

**پاری دووەم: تێمای نزیکبوونەوەی شیعر لە منداڵیی:**

بەسەرنجدان لە دنیای ئەفراندنی دەقی شیعری، بۆمان دەردەکەوێت کە گوتارو زمانی شیعری و چۆنیەتی ئەداکردن و داهێنانی دەقەکان لەڕووی تەکنیکی نووسین و هێنانە دنیایانەوە چوون یەك نین، جیاوازییەکان لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر دەگۆڕێت، هەروەها لەخودی یەك شاعیری دیاریکراویشدا لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر جیاوازی دەبێت، جۆرێکی تایبەت لەدەقی شیعری هەیە کە بەڕوونی هەست بە جیاوازی دەکەین لەگەڵ سروشتی دەقەکانی تردا، ئەویش ئەو جۆرە دەقانەن کە نەفەس و ڕۆحیەتێکی منداڵانەیان پێوە دەبینرێت، زۆرێك لە ئەدگارو سیماو تایبەتمەندێتی قۆناغی منداڵی و سایکۆلۆژیا و زمان و دەربڕینی منداڵانەیان تێدایە، بەڵام دواجار دەقی باڵاو ئاست بەرزن و هەڵگری جیهانبینی قووڵ و فەلسەفەی تایبەتی خۆیانن، بەواتای ئەوەی کە ناچنە خانەی ئەدەبی منداڵانەوە و شاعیر دوورونزیك بەو مەبەستە نەی نوسیوون، بەڵکو لەناوەرۆکیاندا تەواو پێچەوانەی جیهانی منداڵانن و تایبەتن بە گەورەساڵان و ئاراستەی مرۆڤی ژیرو کامڵی ناو کۆمەڵگە دەکرێن.

لێرەدا پرسیاری سەرەکی و جەوهەریی ئەوەیە، کە ئایا خاڵی هاوبەش و لەیەکچوو لەنێوان شیعرو سروشتی منداڵانەدا چییە؟ یاخود بە چ پێوەرو بنەمایەك دەڵێین ئەم دەقە بەنەفەس و دەربڕینی منداڵانەوە نووسراوە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە، پێویستە لەتێمای نزیکبوونەوەی نێوان شیعرو منداڵی تێبگەین، هەمیشە کە بەرهەمێکی ئەدەبی دەخوێنینەوە، پێویستە ئەو ڕاستیە لۆژیکیەمان لەبەرچاو بێت کە ئەو بەرهەمە کاڵایەکی ماددی نییەو لەکارگەدا بەرهەم هێنرابێت، بەڵکو مرۆڤێك بەرهەمهێنەری دەقەکەیەو وەك هەرمرۆڤێکی تری ئاسایی ئەم سەرزەویە کاریگەری چەندین بەرکەوتەی فیزیکی و میتافیزیکی چواردەوری خۆی لەسەرە، بۆیە شتێکی ئاساییە ئەگەر کاریگەری هەندێک لەو بەرکەوتانە لەبەرهەمەکەیدا ڕەنگ بداتەوە، هەرلێرەوە دەکرێت وەك بوونێکی زیندوو مامەڵە لەگەڵ دەقەکاندا بکەین و پێمان ئاسایی بێت ئەگەر دەق وەك دەرئەنجامی بەرکەوتە جۆراوجۆرەکان سەیر بکرێت، لێرەوە دەکرێت بڵێین هەندێک دەق کاردانەوەیەکی ڕۆحی و دەروونیی منداڵانەی شاعیرە، بەو واتایەی کە هەمیشە منداڵێك لەناخی شاعیردا ئامادەیە، هەرکاتێك دەرفەتی بۆ بڕەخسێت لاساری و سروشتی منداڵانەی خۆی بە شاعیر دەردەبڕێت، هەروەك چۆن دەشگونجێت بڵێین ئەو منداڵەی ناخی شاعیر گەورە نابێت، گوێ بەتەمەنی شاعیر نادات کە گەنجە یان پیر، ئەو بەردەوامە لەسەر ڕەفتاری منداڵانەی خۆی، مەحوی گوتەنی: لەبەر پیری سەرم خۆی ناگرێت و تازە پێ دەگرم، ئەو منداڵە بزێوە هەمیشە جێ پەنجەو سێبەری خۆی بەسەر شاعیرەوە بەجێدەهێڵێت، بۆیە زۆرجار دەقەکەی بە سایکۆلۆژیایەکی منداڵانە پێ دەردەبڕێت، بێگومان جیهانی منداڵییش جیهانێکی تایبەت و پڕ ئەفسونە، پڕە لە بەرائەت و جوانی و سادەیی و بێگەردی، پانتایی فانتازی و ئەفسوناوی خۆی هەیە، زۆرسیفات و تایبەتمەندی تێدایە کە لەگەڵ سروشتی شیعردا یەك دەگرنەوە.

لێرەوە دەچینەوە بۆ وەڵامی پرسیارەکەی پێشومان و بۆزانینی خاڵە هاوبەشەکانی نێوان شیعرو منداڵی، بۆئەوەش پەنا دەبەینە بەر میتۆدی زانستیی هەڵێنجراو لە بیردۆزە دەروونناسییەکان، بەدیاریکراویش تێزەکانی زانای دەروونناسی (جان پیاجێ) دەکەین بە بنەماو هێڵی سەرەکی کارکردنمان، بەشێوەیەکی شاقووڵی دەچینە ژێرخانی بیرۆکە وتێزو بۆچوونەکانی زانای ناوبراوەوە

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

دەست دەخەینە سەر ئەو ئاماژە سایکۆلۆژییانەی کە ئەو لە تێزەکانیدا سەبارەت بە جیهانی منداڵان سەلماندوویەتی و ئێمە پێمان وایە لەڕووی هونەری شیعریی و زمان و بونیادی وێنەو واتاو داهێنانی دەقەوە هاوشێوەی یەکن، یاخود لێکچوونێکی زۆر لەنێوانیاندا هەیە، لێرەدا بە پێویستی دەزانین ئاماژە بەوە بدەین کە بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە تەنها کار لەسەر قوتابخانەی دەروونشیکاری پیاجێ دەکەین، نەك قوتابخانە دەروونشیکارییەکانی تر، بەتایبەتی قوتابخانەی فرۆیدی کە چەندین بەش و پاژیشی تەرخان کردووە بۆ لێکۆڵینەوەو شیکاری سایکۆلۆجیای قۆناغی منداڵیی لە مرۆڤدا، کە (جەخت دەکاتەوە لەسەر ڕۆڵی نەست و لاشعور و خەون و غەریزەو بارە دەروونیەکانی تر لەکایەی عەقڵی تاك وسایکۆلۆژیادا). { أندر أدجار و بيتر سيد جويك: ٢٠١٤: ١٥٨}.

جان پیاجێ ساڵانێکی زۆری تەمەنی خۆی بۆ لێکۆڵینەوە لە جیهانی منداڵان تەرخان کردبوو، ئەو خاوەنی نزیکەی (40) چل کتێب و سەدان لێکۆڵینەوەیە لەسەر دەروونناسیی قۆناغی منداڵی{ قیصر أمین پور:١٣٨٨: ١٢}، زۆر بەوردی بەشێوەی مەیدانی و زانستی لەسەرجەم بوارە دەروونییەکانی منداڵی کۆڵیوەتەوە. لەدیاردەکانی: قسەکردن، یاری، مۆنۆلۆگ، خودپەرستی، زمان و دەربڕین و تۆنی دەنگ، تێکەڵاوکردنی وشەو پێش و پاشخستنی بەشەکانی زمان و تێکشکاندنی نۆرم و ڕێسای زمانەوانی، پرسیارکردن، خەیاڵ، بەزەیی، چاوچنۆکی، چەندین ڕەفتاری تری هەڵقوڵاوی سۆزو هەست و دنیابینی لای منداڵ، کە لەسەرجەمیاندا پیاجێ بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی منداڵ هەر لەساواییەوە تاکۆتایی قۆناغەکە دواوە { ژان پیاژه و باربل اینهلدر: ٥٨:١٣٦٩ }، ئێمە لێرەدا بە سودوەرگرتن لەهەندێك لەدیدوبۆچوونەکانی پیاجێ دەربارەی سایکۆلۆژیای قۆناغی منداڵی، هەوڵدەدەین لەجۆرێکی دیاریکراوی شیعر بدوێین، کە هەمان ئەدگارو سیمای منداڵانەی تێدا دەبینرێت، لەبەشەکانی دواتردا بەنموونەی پراکیتکی شیکاری چەند دەقێك دەکەین، بەڵام لێرەدا بەکورتی لەڕووی تیۆریەوە تەنیا یەك جەمسەری لێك نزیکی شیعرو منداڵی ڕوون دەکەینەوە. ئەوەی کە لێرەدا دەمانەوێت لەڕووی تیۆریەوە لێی بدوێین (یاری کردن)ە و پێمان وایە بڕێکی زۆر لێکنزیکی تێدایە لەگەڵ شیعردا.

یاری کردن یەکێکە لەدیاردە و چالاکییە دووبارەکانی ڕۆژانەی منداڵ، کە دروستکردنی جیهانێکی جیاوازو تایبەتەو بەجۆرێك لەجۆرەکان بریتیە لە لاسایی کردنەوەی واقیع و ژیان بەتایبەتی لەزۆرێك لەو یاریانەی کە فەزایەکی تێدا دروست دەکرێت، کە کەرستەو بابەتەکانی لەژیانەوە وەرگیراون، جان پیاجێ دەڵێت یاری کردن لای منداڵ بەگریمانە دەست پێدەکات، واتە دانانی کەرستەی مادی یان حاڵەتی گریمانەکراو لەجێگای کەرستەو حاڵەتە حەقیقیەکان، گریمانەکراوەکان هەمان ڕۆڵی حەقیقەت دەبینن، کە ئەمەش جۆرێکە لە لاسایی کردنەوە، ئەفلاتون و ئەرستۆش لەکۆنەوە ئاماژەیان بەتیۆری لاسایی کردنەوە داوە لە کایەی ئەدەبدا{ هۆراس: ١٩٧٩ :٨ } تەنانەت لەگۆشەنیگای ئەرستووە بەڕوونی دەتوانین شیعرو یاری لەچەمکی لاسایی کردنەوەدا کۆبکەینەوە، ئەرستۆ ڕای وابووە (لاسایی کردنەوە لای شاعیر، خوڵقاندن و داهێنانی بەرهەمێکی تازەیە) {کامیل حەسەن بەسیر(د.):١٩٨٣: ٢٢}، بەهەمان شێوە لەیاری کردنیشدا لاسایی کردنەوە جیهانێکی نوێ دروست دەکات، پیاجێ ئەوەشی سەلماندوە کە لاسایی کردنەوە بابەتێکی غەریزەییە، غەریزەیش لەمنداڵیەوە لای مرۆڤ چەکەرە دەکات، جگەلەوەیش پیاجێ پێی وایە کە یاری کردن هەم چێژو هەم سودبەخشە بۆمنداڵ، ئەو چەندین سودی زانستیی یاری کردنی دەستنیشان کردووە، کە تێکرا بۆ لایەنی جەستەیی و دەروونی منداڵ بەکەڵکن، وەك بەهێزکردنی مێشك و یادەوەری و هەستەکان، بەرەوپێشبردنی زمان، وروژاندنی هەست و سۆزو ئارامی دەروونی، بەکۆمەڵایەتی کردنی مرۆڤ و دوورخستنەوەی لە گۆشەگیری، فراوانکردنی بازنەی خەیاڵ و ئاسۆی بیرکردنەوە، بۆیە ئەم تایبەتمەندییانە هەم سودبەخشن هەم چێژ، ئەم تایبەتمەندیە لەشیعریشدا باسکراوە کە سودبەخشە لەوەی کە ئەزموون و ئارامی بۆمرۆڤ فەراهەم دەکات، لە کۆی ئەو جەمسەرانەوە دەشێت یاری کردن لای منداڵ لە شیعرو ئەدەبەوە نزیك بێتەوە، هەروەها چەندین بابەتی تری قۆناغی منداڵی هەن کە بوونەتە خاڵی لەیەکچوون و نزیکی ئەم دوو بوارە و دواتر نموونەی پراکتیکیان لەبارەوە شیتەڵ دەکەین، کە لەتێکرایاندا شاعیر بەوپەڕی ئاگایی و هۆشیاری و تواناو دەسەڵاتی هونەریانەی خۆیەوە زمان و دەربڕین و جیهانی تایبەتی خۆی تەرجەمە کردوە بۆ جیهانی منداڵانەو دەقی نموونەیی و ناوازەی پێ بەرهەمهێناوە، هەروەك بۆدلێر دەڵێت: (بلیمەتی گەڕانەوەیەکی بەمەبەستە بۆ منداڵێتی) { تەیب جەبار:٢٠١٥: ١٦٨}، بۆیە دەڵێین زۆر خاڵی لەیەکچوو هاوبەش هەیە لەنێوان شیعرو منداڵیدا، کە لێرە بەدواوە هەوڵ دەدەین بە چەند نموونەیەکی شیعری ڕاڤەی ئەم بۆچوونە بکەین.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**بەشی دووەم: پراکتیکی دروستبوونی دەقی ئەدەبی بە دەربڕینی منداڵانە:**

**پاری یەکەم: خۆویستی منداڵانە... خۆویستی شاعیر:**

خۆویستی یان ئەنانیەت (Egoism) بریتیە لە خۆشەویستی و پەسەندکردنی خود و سەرسام بوون و سەرقاڵبوون و خولانەوە لەدەوری خود، لەبنەڕەتدا وشەکە زاراوەیەکی دەروونناسییە، بەڵام چەندین ڕەهەندی تری لێدەبێتەوە، لە بواری دەروونناسیدا خۆویستی بریتیە لەخۆشەویستی خود و پاڵنەری سروشتی ناخی مرۆڤ بۆ داکۆکی کردن لە خود لەپێناوی مانەوەو پێشکەوتن و گەشەکردن لەسەر حیسابی خەڵکانی تر، لەڕەهەندی (ئاکاری)یشەوە بریتیە لە (تەنها خۆویستی)، بەرژەوەندی و سودی خەڵکی بکەیتە پاشکۆو پەراوێزی بەرژەوەندی خۆت، حوکمدان و مامەڵەکردن لەگەڵ سەرجەم ئەوانی تری دەرەوەی خود لەگۆشەنیگای سودی تاکەکەسی خۆتەوە.

لەڕووی میتافیزیکیشەوە بەهەمان شێوە (خود) تەوەری سەرەکییەو بڕوابوونی تەواوە بەوەی کە هەموو بوونەکانی تر بەدەر لەخودی خۆت، هیچ نین جگە لەوەهم و خەیاڵ و ناڕاست، ئەوە (من)ە کە ڕەسەن و بنەڕەتییە و حەقیقەتی ڕەها لای منە.{ أحمد خليل أحمد ١٩٩٥ :٢٤ }.

بەشێوەیەکی گشتی خۆویستی یەکێکە لەسیماو دیاردەکانی ناخی مرۆڤ، بەڵام لەقۆناغێکی تەمەنەوە بۆقۆناغێکی ترو لە کەسێکەوە بۆکەسێکی تر دەگۆڕێت، بۆنموونە زۆرترین ڕەنگدانەوەی سیفاتی خۆویستی لەقۆناغی منداڵیدا دەبینرێت، کە خۆی دەبینێتەوە لە حەزکردن لەمۆنۆپۆڵ کردنی چواردەور، دایك و باوك، کەرستەی یاری و بابەتەکانی تری ژیان، پۆشاکی ئاڵوواڵای جوان و خواردنی بەتام و خۆش بۆخودی خۆی، منداڵ دەخوازێت هەموو شتە جوان و باشەکان بۆخۆی بێت و بەشی کەسانی تری لێنەدات، چونکە پێی وایە کە سەرجەم دروستکراوەکانی دەوروبەری هی خۆیەتی و بۆچێژو خۆشی ئەو دروستکراون و مافی کەسی تریان پێوە نییە، هەروەها پێداگری منداڵ لەسەر بەدەستهێنانی دەستکەوتی چاك و وەرگرتنی شتە جوانەکان بۆخۆی، تەنانەت تا ئەو ڕادەیەی کە زۆرجار منداڵ پەنا دەباتە بەر شاردنەوەی کەرستەکانی و لابردنیان لەبەرچاوی منداڵانی تر، بۆئەوەی منداڵێکی تر نەتوانێت دەستی بگاتە یاری و کەلوپەلەکانی، جگە لەوانەش لەڕووی زمانییەوە بەکارهێنانی جێناوی (من – م – خۆم) کەتێکرا لەدەوری سودو قازانجی خود دەسوڕێنەوە.

ئەگەر بەهەمان تێڕوانین سەیری شیعر بکەین، دەبینین زۆر دەقی شیعری ئەوتۆمان هەن، کە هەمان نەفس و ڕۆحیەتی منداڵانەیان تێدا بەکارهێنراوە، شاعیر بەمەبەستی بەرپاکردنی داهێنان و شیعریەت لەئاگایی تەواوو ڕۆشنبیری بەرزی خۆیەوە، توانیویەتی ئەمجۆرە ڕەفتارە دەروونییەی منداڵ بخزێنێتە نێودەقەکانییەوەو ئاستێکی باڵا بدات بە هەندێک لەشیعرەکانی، (لەتیف هەڵمەت) لە شیعری (ڕقەبەرایەتی) دا ئەنانیەتی لەشێوەی خەوندا تەوزیف کردووە، وەک دەڵێت:

(خەو دەبینم، خەونی کەسك و سوورو سپی
لەگەڵ پیاوی هەموو جیهاندا دوژمن بی
بۆئەوەی تۆ هەر بۆمن بی
خەو دەبینم چی شاعیرە، ئاگر بەربێ
لەقەڵەم و پەڕەی شیعری
هەر بۆئەوەی کاتێ حەزت لەشیعر بێ
بێی گوێ لەشیعری من بگری) { لەتیف هەڵمەت:٢٠٠٠: ٧٦٦}

شاعیر لەم دوو کۆپلە شیعرەدا حەزو غەریزە و ڕەفتاری منداڵانە، گەیاندویەتیە ئاستیك، خەون ببینێت کە ئەوکەسەی ئەم خۆشی دەوێت، ببێت بەدوژمنی هەموو پیاوانی جیهان جگە لەخۆی، خەون ببینێت کە ئاگر لە لاپەڕەو دیوانی شیعری هەموو شاعیرانی دنیا بەربێت و بسوتێن تەنیا لەپێناوی ئەنانیەتی خۆی و بۆئەوەی تەنیا شیعرەکانی ئەم بمێننەوەو هەر کاتێك خۆشەویستەکەی حەزی لەشیعر بێت، تەنیا گوێ لەشیعری ئەم بگرێت، شیعرەکەیشی ناوناوە (ڕقەبەرایەتی) کە بەڕای ئێمە نزیکە لە ڕقێکی جوان و سادەی منداڵانەوە، نەك ڕقێکی ئەستوری دوژمنکارانە کە لەناخی مرۆڤە گەورەکاندا هەیەو بارگاویە بەپلان و شەڕەنگێزی و تۆڵەسەندنەوە، چونکە شاعیر ڕقەکەی بەهۆی تەکنیکی خەونی ڕەنگاوڕەنگەوە دەربڕیوە (خەونی کەسك و سوورو سپی).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

شیعریەتی ئەم دەقە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەمان ڕەفتاری ئەنانیەت و خودویستی منداڵانەی تێدا دەبینرێت، منداڵ پێداگری لەوە دەکات کە هەردەبێت دەستکەوتەکان بۆخۆی بن و بەشی هیچ منداڵێکی تریان لێ نەدات، زۆرجار ئەم ڕەفتارە لای منداڵ بە لەباوەشگرتنی کەرەستەکان و خۆبەسەردادانیان و قۆرخ کردنیان، یان شاردنەوەیان لە منداڵانی تر بەرجەستە دەبێت، هەندێك جاری تریش بە ورکگرتن و پەڵپ و بیانووگرتن و گریان دەری دەبڕێت، لێرەدا لەتیف هەڵمەت (خەون)ی کردوە بەکەرەستەی وێنە شیعریەکەی، کە سەرەڕای تەکنیکی خەو بینین، وێنە شیعریەکەی تا ڕادەیەک جوڵەدارەو بە ئاراستەی وێنەی سینەمایی دەچێت، چەند کردارێکی پڕ وزەو جوڵەی وەك:(دوژمن بوون لەگەڵ تەواوی پیاوی ئەم جیهانە، ئاگر بەربوون لە قەڵەم و پەڕەو شیعر، گوێگرتن لەشیعر، بۆیەکتربوونی لەگەڵ خۆشەویستەکەی...)، بەکارهێناوە کە تێکڕا وێنەی جوڵاون و بەشێوەیەکی گریمانەیی مۆنتاجی کردوون، ئەمانە ئەنانیەت و خودپەرستی شاعیرن و حەز لە باڵادەستبوونی خۆیەتی، جۆرێکن لە ڕۆحیەتی منداڵانەو داواکردنی ئەستەم، ئەمانەش تارادەیەک دەقەکەیان خستوەتە ڕیزی ئەدەبێکی باڵاو ئاستێکی بەرزی ئەفراندنەوە.

خاڵێکی تری جیاکەرەوەی ئەم شیعرەی لەتیف هەڵمەت لە خەونەشیعریەکانی تری ئەوەیە، زۆربەی ئەو شیعرانەی لەتیف هەڵمەت کە خەونن، کاتی خەونەکە ڕابردوون بە دەربڕینی (خەوم بینی...) دەستپێدەکەن، بەڵام بەپێچەوانەوە لێرەدا شاعیر کاتی ڕانەبردووی بەکارهێناوە (خەو دەبینم..)، بەڕای ئێمە ئەمە جۆرێکی ترە لەئەنانیەت و پێداگری شاعیر لەسەر داواکاری و ئاواتەکانی، چونکە بەکارهێنانی کاتی ڕانەبردوو لێرەدا جۆرێکە لەگوزارشتکردن لەبەردەوامی و مەیل وپێداگری و ئارەزوی شاعیر بۆئەوەی کە دەبێت بە بەردەوامی (ئەو = خۆشەویستەکەی) پەیوەست بێت بەم و لێی دانەبڕێت، چونکە لە زمانی کوردیدا دەمی ئێستا جۆرێکە لەکاری ڕانەبردوو، کە دەلالەتی بەردەوامی دەبەخشێت.

هەروەها لە خەونە شیعردا جیاوازیەکی تری گەورە بەدی دەکرێت لەنێوان هەردوو کاتی (ڕابردوو --- خەوم بینی) و کاتی (ڕانەبردوو --- خەو دەبینم)، چونکە کاتی ڕابردووی (خەوم بینی) بەشێوەیەکی لۆژیکی ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە، کە شاعیر لەڕووی بایۆلۆژییەوە نوستبێت، لەجیهانی هۆشیاری و ئاگایی دابڕابێت، کۆی چالاکیە جەستەییەکان و بیرکردنەوەی لەباری پشودا بن، خەوتبن، تەنها نەست (لاشعور)ی شاعیر لەکاردا بێت، وەك بۆچوونی زانستیی دەروونناسیی بواری خەون باسی دەکەن، ئەوە نەستە کە چەند دیمەنێك لەفۆرمی خەوندا دێنێتەوە، ئیتر ئەو دیمەنانە ئەوانەبن کە لەکاتێکی دیاریکراوی ژیانی شاعیردا ڕوویان داوە، یاخود لەدەروون و ناخی شاعیردا چەپێنراون و لەواقیعدا دەرفەتی هاتنەدییان بۆنەڕەخساوە، بۆیە لەڕێگەی خەونەوە دەیان بینێت، بەڵام ئەوخەونەی کە لەشێوەی ڕانەبردوودایە جۆرێك لە بەردەوامیی و هەنوکەیی و ئێستایی پێوە دەبینرێت، هەڵقوڵاوی نەست (لاشعور) ی شاعیر نییە، بەڵکو جۆرێك لە تموح و ویستی شاعیری تێدا دەبینرێت، هەست بەئاگایی شاعیر دەکەیت تیایدا، خەونەکە تەریبە لەگەڵ ژیانی شاعیردا، بەرەوئایندە هەنگاودەنێت، ڕەنگە جۆرە پرۆژەو پلانێکی شاعیری پێوە ببینرێت، بەگشتی خەونێکە لە شێوەی ئاگاییدایە نەك نائاگایی، ئەمەیش هێزو گوڕو تینێك دەبەخشێت بەشیعرەکە.

خاڵێکی تر وەك لەپێشەوە ئاماژەمان پێدا بەکارهێنانی جێناوی کەسیی (م – من) و جێناوی خۆیەتی (خۆم) لەهەندێك دەقی شیعریدا، فەزایەکی پڕ لە ئەنانیەت و خودویستی دروست دەکەن، هەر لەم شیعرەدا شاعیر دووجار جێناوی (من)و دووجار جێناوی (م)ی بۆکەسی یەکەمی تاك بەکارهێناوە، (بەکارهێنانی ڕاناوی قسەکەر بەزۆری، بەڵگەیە بۆ گەورەکردنی زات لای لەتیف هەڵمەت.{عەلی تاهیر بەرزنجی(د): ٢٠١٤: ١٠٢ }، دیارە گەورەکردنی زاتیش دیوێکی تری ئەنانیەتی شاعیرە، بەڵام هەموو ئەنانیەتێك هەڵگری هەمان جیهانبینی نییە و مەرج نییە هەموو بەکارهێنانێکی (من) بۆ مەبەستی بەرجەستەکردنی دەربڕین و گیانی منداڵانەبێت، زۆرجار بۆشانازی کردن و خۆهەڵکێشان و دەرخستنی خودە وەك کەسێکی باڵاو بێ هاوتا، وەك موتەنەبی دەڵێت: ( کوێرەکان شیعرەکانم دەبینن و کەڕەکان وشەکانم دەبیستن).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (8) – العدد (2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**پاری دووەم: زمانی منداڵانە.. زمانی شاعیر:**

زمان وەك پردی پەیوەندی و ڕایەڵەی نێوان مرۆڤەكان، بە گرنگترین هۆكارو ئامراز دادەنرێت كە بەردەوام بایەخ و ئەرك و گرنگی هەیە، زمان وەك بەشێكی سەرەكیی بوونی مرۆڤ كە لە ئاژەڵ و بوونەوەرەكانی تری جیادەكاتەوە، لەسەرەتاكانی تەمەنی منداڵەوە وەك غەریزەیەكی مرۆڤایەتی ئاماژەكانی دەردەكەوێت، بابەتی زمان پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ئەدەبەوە هەیەو سارتەر وتەنی شتێك نییە لەدەرەوەی زمان ناوی ئەدەب بێت، ئەوەی كە پێی دەڵێن ئەدەب لەهەمان كاتدا زمانیشە، هەروەك ڤیكتۆرشكلۆفسكی ئەدەبی بە مەودای تازەوە هێنایە ناو باس و لای وابوو كە (ئەدەب زمان بەشێوەیەكی داهێنەرانە ڕێك دەخات).{پیتەرهاڵبێرگ و دانەرانی تر:٢٠١٠: ١٧}، بۆیە هەر لەكۆنەوە بابەتی تێكەڵاوی و پەیوەندی نێوان ئەدەب و زمان جێگای تێڕامان و لێكدانەوەی بیرمەندان بووە، (ئەفلاتون بەزمانی قسەكردنی پەخشان ئاسای وتوە زمانی ڕۆژانە).{شفيق يوسف البقاعي(د):١٤٢٥:224}، بەدرێژایی سەردەمەكانی دواتر لەسەر چەندین ئاست لێكۆڵینەوە لە زمان كراوە، ئەوەی كە پەیوەندی بەزمانی منداڵەوە هەبێت (جان پیاجێ) لێكۆڵینەوەی زانستی و مەیدانیی گەورەو هەمەجۆری لەبارەیەوە كردووە، بۆیە دەبینین چ لە لێكۆڵینەوەكانی پیاجێ و چ لەوانەی دواتریشدا، چەندین نهێنی و زانیاری سەرسوڕهێنەر لەبارەی زمانی منداڵەوە ئاشكرا كراوە { سینگر.دروتی و ج.و.تریسی و ا.رونسن:١٣٦٠: ١٤- ٢١}، لەوانە بۆنموونە:

1- منداڵ واتاو دەلالەتی جیاوازتر دەدات بە وشەكان، ئەگەرچی زۆربەی كەرەستە و وشە بەكارهاتوەكانیان هەمان وشەی ئاشناو ناسراوی گەورەكانن، بەڵام لای منداڵ زۆربەی وشەكان واتای فەرهەنگیی تایبەت بەخۆیان هەیە، كە ئەمەش لە بۆچوونی فۆرمالیستە ڕووسییەكانەوە نزیكە، بەتایبەتی لە چەمكی (نائاشناسازی) كە بۆیەكەمجار ڤیكتۆرشكلۆفسكی لە ساڵی ١٩١٩ ئەم زاراوەیەی هێناوەتەكایەوە و لەچوارچێوەی تیۆردا داڕشتووە و پاش ئەویش هەریەک لە ڕۆمان یاكوبسن و تینینانوف ئاماژەیان پێداوە، بەپێی ئەم بۆچوونەش ئەركی بنەڕەتی ئەدەب و هونەر ئەوەیە كە واقیع بكات بە تەرزێكی نامۆو نائاشنا بێتە پێشچاو، پێویستمان بەوەیە كە ئاشنا بكەین بە نامۆ، واتە نائاشنای بكەین و بەشێوەیەكی نوێ پیشانی بدەین، هەمووكاتێک لەچوارچێوەی ئەدەب و هونەردا چاوەڕوانی ڕووی تازە و چاوەڕواننەكراوی لێ بكەین.{ بەرزنجی.عەبدوڵلاتاهیر ل٢٤-٢٥}.
2- ئەوان تەنیا لەگەڵ مرۆڤدا نادوێن، بەڵكو لەگەڵ كەرەستەكانی چواردەوریان وەك یاریەكانیان، درەخت، ئاژەڵ،.... هتد، دەدوێن.
3- بەردەوام منداڵان قسەدەكەن، زۆرجار مۆنتاجی قسەكانیان ناكەن، لەبابەتێكەوە بەخێرایی بازدەدەن بۆبابەتێكی تر.
4- لای گەورەكان زمان هۆكارێكە بۆلێك تێگەیشتن، بەڵام لای منداڵ زمان تەنیا هەمان ئەركی نییە، بەڵكو بە زمان جیهانێكی تایبەت و ئەفسوناوی و فانتازیای بۆخۆیان دروست دەكەن.
5- منداڵ بە بەردەوامی لەخۆدواندندایە و ڕەگەزی مۆنۆلۆج زاڵترە تیایدا، نەک دیالۆگی پڕواتاو دەلالەت، ئەمەیش لە گەورەكانی جیادەكاتەوە، چونكە گەورەكان هەمیشە بیردەكەنەوەو لەزمانیشدا دیالۆگ دەكەن.
6- دیاردەی پرسیاركردنی بێشومارو بەردەوام لەقۆناغێكی دیاریكراوی تەمەنی منداڵیدا جێگای سەرنجە، زۆرجار پرسیاردەكات و چاوەڕوانی وەڵام ناكات.
7- منداڵ زۆرجار پاش و پێش بە وشەو دەربڕین و بەشەكانی زمان دەكات، وەك نارێكی لە ڕیزبەندیی دانانی بەشەكانی ئاخاوتندا لە بابەتەكانی: ( ناو، جێناو، هاوەڵناو، كار، ژمارە،... هتد)، كە ئەمانە بۆمنداڵ ئاساییین، بەڵام لای گەورەكان لادان لە نۆرم و ڕێساكانی زمان ڕێگا پێنەدراوە.
8- دووبارەكردنەوەی وشەكان و بەرزونزمی لە ئیقاع و تۆنی دەربڕینیاندا، كە بەشێوەیەكی هەڕەمەكی دەریان دەبڕێت.

ئەمانەو چەندین تایبەتمەندی تر لە زمانی منداڵدا هەن، لەهەمان كاتدا ئەگەر سەرنجێك لەودەقە شیعریانە بدەین كە بە تۆن و سروشتی منداڵانەوە نووسراون، دەبینین هەمان ئەو دیاردە منداڵانە لەودەقە شیعریانەدا دووبارە دەبنەوە، كە مۆرك و سیمای منداڵانەیان پێوە دەبینرێت و شێوەیەكی هونەری و ستاتیكی و فانتازی دەبەخشن بەدەق و بە زمانێكی منداڵانە دەقێكی باڵا لەئاستی بەرزی داهێناندا دروست دەكەن، وەك ڕومان جاكۆبسۆن دەڵێت: (ئەوە شیعریەتی دەقە كە وادەكات بەرهەمێك ببێت بەكاری ئەدەبی).{رينية ويليك:٢٠٠٠: ٢١٠}، ئێمە لەم لێكۆڵینەوەیەدا بواری شۆڕبونەوەمان نییە بەهەموو ئەو ڕەهەندانەی زمانی منداڵدا، بۆیە بەكورتی لەسەر بنەمای چەند تەوەرێك لەوانەی ئاماژەمان پێدان شیكاری چەند دەقێكی شیعری كوردی دەكەین.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (8) – العدد(2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**تەوەری یەکەم: پرسیاری منداڵانە... پرسیاری شاعیر**

پرسیار جۆرێکی تایبەت و سەربەخۆی دەربڕینە کە سەربەجیهانی ڕستەیەو بەهۆی سترێس و ئاوازی تایبەت، یان بەهۆی وشەی پرسەوە دروست دەکرێت، لەزماندا کاتێك پرسیار دەکرێت کە نەزانین و ناڕوونی و نادیاری لە یەکێک لە لایەنەکانییەوە لە بابەتێکدا هەبێت، بۆیە بەمەبەستی دەرخستنی ڕاستی و حەقیقەت و زانیاری و ڕوونکردنەوەی نەزانراوەکان پرسیارەکە دەکرێت، ئەرستۆ ڕای وابووە کە پرسیار مەعریفە دروست دەکات و سەرسوڕهێنەرەکان دەدۆزێتەوە.{خليل أحمد خليل:١٩٩٥: ٩٥}، زانستیش پرسیارکردن بەڕێگایەك دەزانێت بۆ گەران و لێکۆڵینەوە لەڕاستی و زانیاری و گرێی دەدات بە تاقیکردنەوەو ئەزموونەوە، بەڵام پرسیارکردن لە جوگرافیای شیعردا جیاوازە و لەکۆنەوە بۆ چەندین مەبەست بەکارهێنراوە، زۆرجار شاعیر کە پرسیار دەکات خۆی واپیشان دەدات کە هیچ نازانێت و مەبەستی وەرگرتنی زانیاریە لە پرسیارلێکراو، بەڵام لەڕاستیدا ئەوە پرسیاری مەجازیەو شاعیر خۆی پێشتر وەڵامەکەی لەلایە، بەتایبەتی ئەو پرسیارانەی کە لە ئازیز و دڵداری دەکات لەباسی بێوەفایی یان وەسفی جوانی ئەندام و لەش ولاردا، جگەلەوەش هەندێکجار شاعیر بەمەبەستی بەهەڵەدابردن یاخود سەرسوڕمان یان بۆنەفی کردن یان خۆدواندن، هەروەها زۆرجار بۆ زانیاری بەخشین بەکاری دەهێنێت.{ سیماداد:١٣٧٨: ٦٠}، کە لێرەدا ئەمە سنووری لێکۆڵینەوەکەی ئێمە نییە.

بەهەمان شێوە پرسیارکردن دیاردەیەکی زەق و بەرچاوە لای منداڵ، بەپێی دەروونناسیی منداڵ، پرسیار لە قۆناغێکی دیاریکراوی تەمەنیدا بەشێکە لە ڕەفتار، منداڵ بەردەوام پرسیار دەکات بەشوێن زانیاریدا دەگەڕێت، سەرنج لە هەموو دیاردەکان و شتەکانی دەوروبەری خۆی دەدات، هەمیشە پرسیاری لەبارەیانەوە بۆدروست دەبێت، ئەمەیش زۆربەی کات بێزاری و ماندوێتی لای باوکان و دایکان دروست دەکات، (پرسیاری منداڵ لە دوو تا سێساڵیەوە دەست پێدەکات و لە چوارەم و پێنجەم ساڵیدا بەشێوەیەکی بێ ئەندازە زیاد دەبێت).{ قيصر أمين پور:١٣٨٨: 37}.

جۆرێکی تر لەپرسیاری منداڵ هەیە کە تایبەتەو ئاراستەی گوێگرێکی دیاریکراوی ناکات، بەڵکو وەك خۆدواندن پرسیار دەکات، یاخود ئاراستەی بێگیان و بوکەشوشەو کەرستەکانی دەکات، بەو واتایەی کە لەمجۆرە پرسیارانەدا منداڵ چاوەڕوانی وەڵام نییە لەهیچ کەسێك، ئەگەر لە هەندێك دەقی شیعری بڕوانین دەبینین بەهەمان شێوەو دەربڕینی منداڵانە، پڕە لەپرسیار لەبارەی زۆر بابەتەوە کە زۆربەیان بێ وەڵامن و شاعیر بەو مەبەستە نایانکات کە لەهیچ کەسێکەوە وەڵامی دەستکەوێت، دیسان ئەمجۆرە لە پرسیار کە هەڵگری ڕۆحیەت و سروشت و زمانێکی منداڵانەیە، جۆرێك لەدەقی باڵاو نموونەیی و پڕ لەپەندو حیکمەت و فەلسەفەی قووڵ و ئەزموونی شاعیرە، بەڵام شاعیر بەمەبەست دێت مۆرکێکی منداڵانە دەبەخشێت بە ڕوخساری پرسیارەکەی یان دەقەکەی، وەك گوتمان لەبنەڕەتدا ئەم دەقانە بۆمنداڵ نین، بەڵکو تایبەتن بە گەورەکان و تەنانەت زۆرجار لەلایەن نوخبەو دەستەبژێرەوە نەبێت، کۆدەکانی ناکرێنەوەو مەبەستی دەقەکە ئاشکرا نابن، چونکە لەبنچینەدا پرسیارەکان بریتین لە پرسیاری گرنگی ژیان، فەرهەنگ، کلتور، فەلسەفەی بوون و نەبوون و ماهیەت و جەوهەری ڕاستی، تەسەوف، سیاسەت، بەڵام شاعیر دێت هەلاوێریان دەکات و بەوپەڕی سادەو ساکاری و لە فۆرمێکی منداڵانەدا دەیان وروژێنێت، ئەگەر خوێنەر بەشێوەیەکی سەرپێی و ڕاگوزەری بیانخوێنێتەوە، ڕەنگە هیچ کاردانەوەیەکی لەلا دروست نەبێت و تێرامان و بیرکردنەوەی نەوروژێنێت، بەڵام لای خوێنەری ڕۆشنبیرو خاوەن جیهانبینی و لای ڕەخنەگری دەوڵەمەند بە پاشخانی مەعریفی، ئەم پرسیارانە جەدەلیەتی زیندویان لێ بەرهەم دێت، شیکاری دەقەکە هەروا بەئاسانی تێناپەڕێت، بەڵکو ڕاڤەو لێکدانەوەیان تێکەڵ دەبێت لەگەڵ بوارە جۆراوجۆرەکانی مەعریفە و سێبەری ئایدیایەکی باڵا لەپشت دانانی ئەو دەقە بەڕوخسار سادەو منداڵانەیەوە دەدۆزێتەوە.

دیسان لێرەدا نموونەی دەقی لەتیف هەڵمەت هەڵدەبژێرین و شیکاری و ڕاڤەی بۆدەکەین، شاعیر دەڵێت:

(ئەرێ مشك
کە دەبێ بەتەڵەوە
بیرلەچی دەکاتەوە!؟ ){ لەتیف هەڵمەت: ٢٠٠٦: ٢٤٦}

لێرەدا شاعیر بەزمانێکی ئاسان و ڕەوان و بەرۆحێکی بێگەردەوە، پرسیارێکی سادەو ساکاری منداڵانە دەوروژێنێت، هەرچەندە لەڕواڵەتدا ئەوە دەردەکەوێت کە ئەمە پرسیارێکی لۆژیکیەو خاڵیە لە سەرسوڕمان، بەڵام ڕەنگە ئەمە پرسیاری زۆرمنداڵ بێت، کە لە جیهانی پڕ بەرائەت و پاکی و ساکاری خۆیەوە دەیان پرسێت، منداڵ کە مشکێك دەبینێت لەکاتی گیرۆدەبوونی بەتەڵەوە کە پەلەقاژەی دەرچوون و ڕزگاربوون دەکات و دەنگ و زیکەی تایبەت بەخۆی دەردەبڕێت، جۆرێك لە هەستی بەزەیی تێکەڵ بەترس لە مشکەکەو لەهەمان کاتدا بێزلێکردنەوەی بۆدروست دەبێت، هەستەکانی بینین و بیستن لای منداڵ دەکەونە کار، لەناخ و دەروونی


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

منداڵدا جۆرێك لە هەست و سۆزی تایبەت دروست دەبێت، ئەو مشکەی کە سرك و گورجە و بەئاسانی ناکەوێتە بەردەست، وا ئێستا ڕاستەوخۆ لەنێوان تەڵە بەهێزەکانی تەڵەدا دەبینرێت، ئەمە چەندین گۆڕانکاریی دەروونی دێنێت بەسەر منداڵدا، پرسیارو ترس و تێرامان دروست دەکات، شاعیر بەزمانێکی منداڵانە و لەفۆرمی پرسیاردا وێنەیەکی مشکی کێشاوە، پرسیارەکە بەئاراستەی بیرکردنەوەی مشکە لەساتی دیل بوون و بێهێزیدا، کە چۆن ڕابکات و خۆی ڕزگار بکات، لەم کاتەدا شاعیر وەك منداڵێك دەیەوێت بزانێت خەیاڵ و بیرو مێشك و ئەندێشەی مشکێکی نێو تەڵە چۆن دەکەوێتە کار؟ خودی پرسیارەکە شیعریەتی داوە بەدەقەکەو دەیەوێت بیکات بەدەقێکی پڕاوپڕ لە پرسیاری جەوهەری، جوڵاندنی خوێنەرە بەئاراستەی بیرکردنەوە، بەڵام بیرکردنەوەیەك کە بارگاویە بە هەست و سۆز، هەرچەندە لە جیهانی ڕۆشنبیری و مەعریفەدا بیرکردنەوە بەعەقڵ ئەنجام دەدرێت و هەمیشە بە ئاراستەی لۆژیك و مەعقول هەنگاو دەنێت، بەڵام هەست و سۆز سەر بەتایپێکی تری پێکهاتەی مرۆڤن و جیاوازن لەعەقڵ و ئەم دوو ڕەگەزە کەمجار پێکەوە کۆدەبنەوە، بەڵام شاعیر بەوریایی و ئاگاییەوە لەوێنەی مشکێکی زەلیلی نێو تەڵەیەکی بەهێزی بێ بەزەییدا بە پرسیارێکی سادەی منداڵانە هەردوو جەمسەرە دژیەکەکانی (عەقڵ و بیرکردنەوە + هەست و سۆز) پێکەوە کۆدەکاتەوە.

بونیادی واتایی ئەم کۆپلە شیعرە، بە بونیادێکی واتایی منداڵانە پیشاندراوە، بەڵام لەپشتیەوە بونیادێکی مەعریفی و فەلسەفی گەورانە هەیە و بە وشەو زاراوەی سەر بە فەرهەنگی جیهانی گەورەکان دروستکراوە، وەك وشەکانی (مشك، تەڵە، بیرکردنەوە) کە هیچیان سەر بە فەرهەنگی منداڵ نین، بەڵام شاعیر بەم کەرەستە زمانیانە پرسیارێکی منداڵانەی دەربڕیوە، کە مشك لە ساتەکانی بەهێزی و گوڕو تینی خۆیدا چۆن زیان بەخواردەمەنی و دانەوێڵەی خەڵکی دەگەیەنێت و بەجۆرێك لەمشەخۆری دەژی، بەڵام لەساتی بێهێزی و گرتنیدا لەلایەن مرۆڤەوە لە چ دۆخێکدا دەبێت؟ بەڵام بەپێی ئەوەی کە ئەرکی ئەدەب تەماویکردنی وێنەکان و زمانی میتافۆرە، ئەم دەقە لەڕووی بەرهەمهێنانی شیعرییەتەوە تاڕادەیەک لاوازی پێوەدەبینرێت، دەبوایە شاعیر بەوێنەیەکی هونەری بەرزتر ئەم پرسیارەی بکردایە، چونکە ئەم پرسیارانە لای شاعیر هەروا پرسیاری سادەوساکارنین، وەک پرسیارە شیعرییەکانی (پاپلۆنیرۆدا) ڕەهەندی گرنگ و قووڵیان هەیە و پێویست بوو بارتەقای گرنگی و قووڵی ئەو بابەتەی کە پرسیاری لەبارەوەکراوە، تەکنیک و زمان دەربڕینی هونەریانەتری بەکاربهێنایە.

لە چەند پرسیارێکی تردا لەتیف هەڵمەت دەڵێت:

(ئەری هەور
خەڵکی کوێیە؟){ لەتیف هەڵمەت: ٢٠٠٦: ٨٠}
***
(ئەوە بۆماسیی کراس لەبەرناکات؟){ لەتیف هەڵمەت: ٢٠٠٦: ٨٠}

بەهەمان شێوە ئەگەر لەو دەقانەی سەرەوەش بڕوانین، ئەوا برێک سادەیی لە پرسیارەکاندا دەبینین، کە دەکرا بە وێنەی هونەریی بەرزتر بخرانایەتە ڕوو، چونکە ئێمە کە لەناو ئەدەبداین، واتە لەناو زمانداین، نەک لەواقیعدا، بەڵکو لەواقیعی بینراو دادەبڕێین و دەیگۆڕین بە واقیعێکی تر کە جیاوازبێت لەو واقیعەی کە هەمووان لەباری ئاساییدا پێی ئاشناین، بۆیە پێویستی بە کەرەستەی ئەدەبی بەهێزتر هەیە بۆ دروستکردن و بەرجەستەکردنی ئەدەبییەتی دەقەکە.

ئەمانەو چەندین نموونەی تر چ لای لەتیف هەڵمەت، یاخود شاعیرانی ترمان دەبینرێن کە پرسیاری بەردەوامن، لەبارەی ئەو بابەتانەی کە شاعیر دەیانکاتە دەلاقەیەك لەنێوان گوزارشت و وێنەو دەربڕینی منداڵانەو جیهانی ئاڵۆزو تەمتومانی ژیانی ئاسایی مرۆڤدا.

ڕەهەندێکی تری دروستبوونی شیعریەتی دەق و ئێستاتیکاو ئەفراندن لەم دەقانەدا ئەوەیە کە شاعیر بەمەبەست، ئاستی مەعریفە و زانست و ئاگایی خۆی دەگەڕێنێتەوە نەك هەر بۆسەردەمی منداڵی، بەڵکو بۆ ئاستی ڕۆژگارو سەردەمانێك کە مرۆڤ لەچاخی سەرەتایی ژیان و ئاستی سادەو ساکارو سنووردارییی بواری خوێندەواری ڕۆشنبیریدابووە، کە بەڕای هەندێك لە لێکۆڵەران لەو چاخ و قۆناغانەدا، مرۆڤ خۆی بەشێك بووە لە سادەو ساکاری و لە شیعر، (مرۆڤی سەرەتا، بەبێ ئەوەی خۆی هەستی پێکردبێت، خۆی پایەیەکی بنەڕەتی هونەر بووە، مرۆڤی سەرەتایی شاعیری سەرەتایی بووە لەجیهاندا، وشەو ناوو دەستەواژەکان هەڵقوڵاوی بیروهێزو توانای مەعریفی ئەوانن کە دواجار بوون بەبنەما و بنچینەی هەموو زمانەکانی ئەمڕۆ، لەسەردەمی پێشیندا سادەو ساکار بوون، هەرلێرەوە شیعر جۆرێك لە گەڕانەوەیە بۆ سەردەم و قۆناغی سەرەتایی مرۆڤ و هەم بۆ سەردەمی قۆناغی منداڵی لای شاعیر){ رضا براهني:١٣٥٨: ١٠-١٥}.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

بەم شێوەیە دەبینین پرسیارکردنی بەردەوام، خاڵی هاوبەشی نێوان منداڵ و شاعیرە، منداڵ لەوپەڕی پاکی و سادەییەوە پرسیارەکان دەکات و بەکەمی وەڵامی دەست دەکەوێت، یان چاوەڕوانی وەڵام ناکات و بەدوایدا پرسیاری تر دەکات، بەهەمان شێوە شاعیر سود لەشێوازی دەربڕین و تەکنیکی پرسیاری بەردەوامی منداڵانە وەردەگرێت و دەقی جوانی لەئاستی هونەری و ستاتیکی بەرزدا پێ دروست دەکات، جگە لەوانیش هەمیشە ئەو پرسیارانەی کە منداڵ دەیانکات، پرسیاری لۆژیکی نین و جۆرێك لە دوورکەوتنەوە لەواقعیان پێوە دەبینرێت، هەربۆیە دەستکەوتنی وەڵامێکی گونجاو بۆیان برێك ماندووبوونی دەوێت، لە هەندێ پرسیارەشیعریەکانی شاعیرانیشدا وەک دەربڕینی منداڵانە هەمان شێوە لە نالۆژیکی دەبینرێت.

**تەوەری دووەم: مۆنۆلۆجی منداڵانە... مۆنۆلۆجی شاعیر:**

وەك لە لێکۆڵینەوە دەروونناسییەکانی جان پیاجێ لەبارەی منداڵەوە ئاماژەمان پێدا، ئەوە ڕوون بوەتەوە کە هەمیشە منداڵ لە مۆنۆلۆج و خۆدواندن بەردەوامەو بەلایشیەوە گرنگ نییە کە گەورەکان چۆن لێی دەڕوانن، ئایا گوێی لێ دەگرن و گرنگی پێدەدەن یان نا ؟ هەروەها مۆنۆلۆجەکانیش لەڕووی واتاییەوە یەکگرتوو نین، بەڵکو پچڕپچڕن و هەرجارەی لەبارەی مەبەستێکەوەن، ئەم دیاردەیە بەهەمان شێوەی منداڵ لای شاعیرانیش دەبینرێت، شاعیر مۆنۆلۆج دەکات، بەلایەوە گرنگ نییە کە چۆن لێکدانەوەو شیکاری بۆ خۆدواندنەکانی دەکرێت، بەمەش دۆخێکی ستاتیکی جوان دەبەخشێت بەدەقەکەی، لەتیف هەڵمەت لە مۆنۆلۆجێکدا خەیاڵ و بیرکردنەوەی خۆی دەخاتەڕوو کە دەڵێت:

(بیر لەوە دەکەمەوە
بچمە دەریایەك و
کیسەڵێك مارە بکەم
بۆئەوەی نهێنی تەمەن درێژی لێبدزم){ لەتیف هەڵمەت: ٢٠٠٦: ٣١٠}

شاعیر بە مۆنۆلۆج لە بابەتێك دەدوێت، کە ئەگەری ڕوودانی نییە، پرۆسەی هاوسەرگیری مرۆڤ و کیسەڵ ئەستەمە، بەڵام شاعیر لە وێنەیەکی هونەریدا کە بە مۆنۆلۆج، خەیاڵ و نیازی خۆی ئاشکرا دەکات، نەك هەر ئەستەم تێکدەشکێنێت، بەڵکو ژینگەی بنەڕەتی خۆیشی لەسەر زەویەوە دەگۆڕێت و دەیەوێت بچێتە ناو دەریاو لەوێ لەگەڵ کیسەڵدا بژی، تەنیا بۆئەوەی نهێنی تەمەن درێژی لێ بدزێت.

ڕەهەندێکی تر کە ئەم دەقەی بەلای جیهانی منداڵیدا بردووە، بریتیە لە دروستکردنی کۆنتاکت و پەیوەندی نێوان مرۆڤ و زیندەوەرانی تر، چونکە هەمیشە منداڵان بیر لە هاوڕێیەتی و پێکەوە ژیان و نزیکی دەکەنەوە لەگەڵ ئاژەڵ و باڵندەو گیاندارناندا، بەڵام بەڕای ئێمە ئەوەی ئەم دەقە لەجیهانی منداڵان دوور دەخاتەوە، جۆری کردارەکەیە کەهاوسەرگیرییە، چونکە ئەمە لەگەڵ سروشت و جیهانی منداڵدا ناگونجێت، بۆیە بەمە شاعیر دەقەکەی لەوە دەرکردوە کە بۆ منداڵی نووسیبێت و دەیسەلمێنێت کە بۆجیهانی منداڵانی نەنووسیوە، بەڵکو تەنها بەنەفەس و ڕۆحیەتێکی منداڵانەوە بۆ جیهانە جەنجاڵەکەی گەورەساڵان نووسراوە، پەیامێکەو ئاراستەی گەورەکانی دەکات، لەڕووی تەکنیکەوە گوتاری مۆنۆلۆجەکە گوتارێکی ئاراستەکراوە بۆ گەورەکان و بە وشەی (بیرلەوەدەکەمەوە) دەری بڕیوە، ئەمەش لە مۆنۆلۆجی سەر تەختەی شانۆ دەچێت، ڕەهەندێکی تری شیعریەتی ئەم دەقە ئەوەیە کە لێرەدا شاعیر بە ئەنقەست بەم مۆنۆلۆجە فەزایەکی دروستکردوە، کە خوێنەر بەلای ئەوەدا دەبات کە ئەمەی وەك دەقێکی ئاراستەکراو بۆ بەرامبەر لێ چاوەڕوان نەکات، چونکە لەبنەڕەتدا مۆنۆلۆجی دەقی ئەدەبی بۆ خوێنەرە، وەک چۆن مۆنۆلۆجی سەر تەختەی شانۆیش بۆ جەماوەری ئامادەبوو (جمهور)ن، کەچی لێرەدا شێوەی مۆنۆلۆجەکە وەک لای منداڵان وایە، چونکە مۆنۆلۆجی منداڵ بۆخۆیەتی نەك خوێنەرو گوێگر، ئەمەیش ئاستێکی ستاتیکی جوانی داوە بەدەقەکە لەوەی کە لە ڕەگەزو تەکنیکی ئەدەبی، تەکنیکی جیاوازتر دروست بکەیت.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**تەوەری سێیەم: پێچەوانەکردنەوەی وشە و ژمارە**

منداڵ لە قۆناغێکی تەمەنیدا بەسروشتی خۆی و بەبێ مەبەست، زۆرجار لەڕیزکردنی بەش و کەرەستەکانی زماندا دەکەوێتە هەڵەوە و لە ڕێسا ونۆرمە زمانییەکان لادەدات، یاخود لە تەرتیبکردن (ordering)ی ژمارەکان و ڕۆژەکانی هەفتەدا وەك خۆی بۆی ئەنجام نادرێت و هەڵەیان تێدا دەکات، جان پیاجێ چەندین لێکۆڵینەوەی وردی لەسەر منداڵی خوار تەمەنی 6 ساڵان ئەنجامداوە لەبارەی: (چەمکەکانی ژمارە، کۆمەڵە ژمارەی ڕیزکراو، پێکەوە بەستنی بەش و گشت، ئەندازە، خێرا دۆزینەوەی ئەنجامی ژمارەی سادە و چەندین بابەتی تر)، لەکۆتاییدا گەیشتوەتە ئەوئەنجامەی کە سەرەڕای ئەوەی منداڵ خاوەنی تواناو زیرەکی و لیهاتویی زۆرە، بەڵام زۆرجار دەکەوێتە هەڵەو تێکەڵکردن و پێچەوانەکردنەوەو دووبارەکردنەوەو حاڵەتی تر{ ژان پیاژە و باربل اینهلدر: ١٣٦٩: ٨٤ }، ئەمانە تێکڕا لەلای شاعیران بۆمەبەستی جوانکاری شیعرو بەخشینی دەلالەتی تەموماوی و نارونی بەکارهێنراون، ئەو دەقانەی کە بەمجۆرەن، لەکاتی خوێندنەوەیاندا وێنەیەکی منداڵانەیان پێوە دەبینرێت و زۆرجار واهەست دەکەین کەمنداڵ نووسیونی نەك شاعیری بەئەزموون و خاوەن باکگراوندی ڕۆشنبیریی قووڵ، ئەمەش جۆرێك لەشیعریەت و بەرزی و باڵایی دەبەخشێت بەدەقەکە.

ئێمە لیرەدا نموونەی بابەتی وشەو ژمارە بەجیا لەیەکتری دەخەینەڕوو:

**یەکەم: لەسەر ئاستی وشە**

أ - پێچەوانەکردنەوەی وشە و بەهەڵە دانانیان:

من ئێوە بووم، هەمووتان بووم و خۆم نەبووم. (ڕەفیق سابیر)

ئێستایش
ئێمە من نیم
من ئێمە نیم (بەرۆژ ئاکرەیی)

ب- دووبارەکردنەوەی وشە وپیدانی ئاواز و ئیقاع بۆ تۆنی دێڕە شیعریەکەو سەرنجراکێشان و دەلالەت پێ بەخشینی، ئەویش لەڕێگەی دەنگەوە، کە هەندێکجار بۆ دەربڕینی کاتی خرۆشانە، بۆنموونە:

من فووم بەنایا کرد، فووکەن
من هایم کرد، ئێوە هووکەن (هێمن موکریانی)

**دووەم:** بەهەڵە بەکارهێنانی ژمارە و ڕیزکردن و بەدەستەوەدانی ئەنجامی نادروست، بە مەبەستی شیعریەت و دروستکردنی دۆخێکی دەربڕین وگوزارشتی شیعریی تایبەت، کە زۆرجار سیمایەکی منداڵانە دەبەخشێت بە دەقەکە:
شاعیر دەڵێت:

(چیا
لەوانەی ماتماتیکدا زۆر شارەزایە
دەزانێ سێ کەرەت هەزار
دەکا بیست){ لەتیف هەڵمەت: ٢٠٠٦: ٦٧٢}"

لەکۆی ئەوشیعرانەدا بەهەڵەبەکارهێنانی ئەنقەست و پێچەوانەکردنەوەی ئەنجام وشە و ژمارە، بۆدروستکردنی دەقێکی باڵاو جوانن، بەڵام زمان و دەربڕینەکان تارادەیەکی زۆر منداڵانەن.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (8) – العدد(2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**پاری سێیەم: خەیاڵی منداڵانە... خەیاڵی شاعیر**

**( بەزیندوکردنی کەرەستە بێگیانەکان)**

خەیاڵ بەشێکی سەرەکی و پانتاییەکی فراوانی لەلای مرۆڤ داگیرکردوە، هەر لەکۆنەوە بابەتی خەیاڵ ڕاڤە و لێکدانەوەی جیاجیای بۆکراوە هەتا چەرخی نوێ و بیرمەندانی هاوچەرخ، بەردەوام لە چەندین لایەنەوە شەن وکەو کراوە، لەڕوی دەلالییەوە خەیاڵ بەلای گومان و وەهمدا دەچێت، وێناکردنە بەعەقڵ کە هەوڵ دەدات ڕووداوو کەرەستە و بابەتە هەستیەکان بەشێوەی جیاجیا بخاتە قاڵبی زیهنیەوە، لەفەلسەفەی کۆنیشدا خەیاڵ بریتی بووە لە وێنەی بەزیهن دروستکراو، وەك یادکردن و بیرکردنەوە لە هەستپێکراوە کەڵەکەبووەکان.

لە فەلسەفەی نوێشدا لای سارتەر بابەتی خەیاڵکردن لە فەلسەفەی شیکاری وجوددا باسکراوە و پێی وایە کە خەیاڵکردن لە وێنەیەك وەك ئەوە وایە کە وێنەکە وەك خۆی ببینیت یان دروستی بکەیت، لای (فرۆید) و (یۆنگ)یش خەیاڵ بەلای تێرکردن و پڕکردنەوەی مەیلی مرۆڤدا براوە، گاستۆن باشلاریش پێی وایە خەیاڵ گوزارشتە لەژیانی خودیی مرۆڤ و لەوڕێگەیەشەوە داهێنانی مرۆڤ و نوێکردنەوەی ژیان و ئیلهام وەرگرتن دروست دەبێت{ خليل احمد خليل(د):1995 :74}، هەروەها خەیاڵ لە قاڵب و سنوورێکی دیاریکراودا نەماوەتەوە، بەڵکو خۆی گەیاندوەتە بوارەکانی ئەدەب و هونەرو داهێنان، لە ئەدەبدا بەیەکێك لە ڕەگەز و پایە سەرەکیەکان هەژمار دەکرێت و لە ڕێگەی زمانەوە خەیاڵ دێتە ناودەق، وەك ئەدۆنیس دەڵێت: (زمانی شیعر لە کۆنەوە ئاماژە و خەیاڵکردنی گواستوەتەوە){ أدونيس:١٩٨٠: ١١٠}.

بێگومان هەر لە سەردەمی منداڵیەوە خەیاڵ وەك بەشێکی دانەبڕاو لەگەڵ مرۆڤدا هاوتەریب دەڕوات، لە هەر قۆناغێکی تەمەنیشدا سروشت و چۆنیەتی خەیاڵ تایبەتمەندی خۆی وەردەگرێت کە جیای دەکاتەوە لەخەیاڵی قۆناغەکانی تر، لەبارەی قۆناغەکانی خەیاڵەوە (جاک لاکان) توێژینەوەی تایبەتی کردووە و گەیشتوەتە ئەو ئەنجامەی کە لە سەرەتای تەمەنەوە خەیاڵ لای منداڵی ساوا هەیە، بەڵام نابێتە هۆی دروستبوونی ناسنامەو جیاکردنەوەی خۆی لەجیهانی دەوروبەر، بەڵکو مەودای خەیاڵ سنووردارە، بەڵام دوای ئەوەی منداڵ توانای قسەکردنی لەلا دروست دەبێت، کە لەدوای 2 – 3 ساڵیەوەیە خەیاڵ گەشەی بەرچاو دەکات، ئەو دەڵێت: (کاتێك منداڵ لە ئاوێنەدا خۆی دەبینێت ئیتر وەهم و خولیایەکی زۆرخێرای بۆ دروست دەبێت، بەشوێن ناسنامەی خۆیدا دەگەڕێت، دەتوانێت بە ئاسانی جیاوازی نێوان خۆی و ئەوانی تردا بکات){ دانيال تشاندلر:٢٠٠٢ : ٨٥}، هێزی بینین بەئاراستەی ناسینی خۆی دەبات و لێرەوە سەرەتاکانی کلیلی ئەدەب و هونەرو سینەما لەلای سەرهەڵدەدەن.

لەگەڵ گەورەبوونیشدا هاوتەریب خەیاڵەکانیشی گەورەدەبن، وێنای جۆراوجۆری خەیاڵی بەمێشك و هزریدا گوزەر دەکەن، چەندین لق و پۆپ و جۆرو مەودای پان و بەرین لەخەیاڵداندا دروست دەبێت، هەمان دیاردە لەلای شاعیر وەك قۆناغی منداڵی و پاش منداڵی لە شیعردا دەبینرێت، ئەوەی کەلێرەدا دەمانەوێت باسی بکەین، بریتیە لە بەگەڕخستنی خەیاڵ بۆ بەزیندوکردنی کەرەستەو مادەی بێگیان، هەرچەندە ئەم بابەتە زۆر کۆنە و بەتەنها تایبەت نییە بە جیهانی منداڵ، بەڵکو لەبواری شیعردا کەم شاعیر هەیە پەنای بۆ بەرجەستەکردنی کەرەستەو ئەشیای بێ ڕۆح نەبردبێت، بەڵام مەبەستی ئێمە لێرەدا تیشك خستنەسەر خەیاڵو نەفەسی منداڵانەیە لە پرۆسەی بە زیندەوەرکردنی بێگیانەکاندا، شاعیر دەتوانێت خەیاڵی جۆراوجۆر بکات وەك: خەیاڵی داهاتوو، پێشبینیکردن، خەیاڵی زانستی، گەڕانەوە بۆڕابردوو، هەروەها بەخەیاڵ کەرەستەو مادە بێگیانەکان دەکات بە ڕۆحلەبەرو زیندوو، هێندێکجار لەگەڵیاندا قسە دەکات، دیالۆگ و پرسیارو وەڵام دروست دەکات، وێنەی هونەری ئەوتۆ دەکێشێت کە کەرەستەی بێگیان تێکەڵ دەکات لەگەڵ بەشێك لەچالاکی و جموجوڵی خۆی وەك بوونەوەری زیندو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، جان پیاجێ ئەوەی سەلماندوە کە کاتێك منداڵ لەگەڵ ئەو بوکەڵەو بابەتی یارییانەی خۆیدا یاری دەکات کە لەسەر شێوەی گیاندارو باڵندە دروست کراون، ئەوا لەزیهن و خەیاڵی منداڵەکەدا ئەو شتە مادیانە وەك ڕۆحلەبەرو زیندو دەردەکەون، هەربۆیە منداڵ کاتێك لەگەڵ کەرەستەکانیدا دەچێتە قووڵایی یارییەوە، بەوپەڕی هەستی زیندەوەرەوە دەیان دوێنێت و جیهانێکی سەربەخۆو تایبەتیان لەگەڵدا دروست دەکات، تەفاعولی دەروونییان لەگەڵدا دەکات و وەك زیندو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، ئەگەر لەجیاتی منداڵ شاعیر دابنێین، بەهەمان شێوە دەبینین شاعیر لەچەندین دەقدا کەرەستەو بابەتی مادی و بێگیانی کردووەتە هاوتای مرۆڤ و سیفاتی مرۆڤانەی پێداون، (فەزای کەرەستەی مادی یەکێکە لە چاڵە مەعریفیە گەورەکان، هەر لەسەردەمی ئەفلاتونەوە تا دیکارت، فەلسەفە کاری لەسەر کردووە و بووەتە تێمای مەرکەزی لە هێرمۆنتیکای هایدگەر و بونتی و سارتەرو گادامێر، کە بۆشاییەکانی ژیان پڕدەکەنەوە){ ياسين النصير:٢٠١٦ :٨١}، ئەم کەرەستانە لای منداڵ بەپرۆسەی بەمرۆڤکردن (personification) دا تێپەڕ دەبن، کە ئەویش بریتیە لە گیان بە بەرداکردن و بەزیندوکردنی کەرەستەی بێگیان{ جمال میرصادقی و میمنت میرصادقی: 1377 :64}، کە منداڵ لە پاکی و جیهانی منداڵانەو دەروونی تایبەتی خۆیەوە دەیانکات بەهاوڕێی خۆیی و یارییان لەگەڵدا دەکات، دەیان

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.3

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

دوێنێت، لەگەڵیاندا ڕۆدەچێت، بەڵام ئەم بەمرۆڤکردنە لەئەدەبدا ڕەهەندی مەجازیی هەیە، لە شیعری هاوچەرخدا لێکدانەوەی فینۆمینۆلۆژی بۆ بەزمانزانکردنی کەرەستە دەکرێت، شیعریەتی دەق واتای فەرهەنگیی کەرەستەکانی دەرەوەی دەقەکە دەگۆڕێت و تێکەڵیان دەکات لەگەڵ مەعریفەی دەقەکەدا، کەرەستەکان دەبن بەوێنە، واتا، چەمك، چونکە شیعریەتی دەقی نوێ تەنیا بریتی نییە لەبونیاتی سەرخانی دەق کە دەکرێت بەهۆی هۆشیاری و ئەزمونگەری شاعیرەوە دروست ببێت، بەڵکو شیعریەتی دەقی نوێ بونیاتی قووڵی هەیەو پێویستە دەق بە چەمك و تێڕوانینی کلتوری ئەوتۆ ئاوێتە بکرێت کە ڕەگوڕیشەی قووڵی لەژێرخانی فیکری و مێژوویی نەتەوەدا هەبێت و لەسەرجەم ڕەهەندەکانی ئەفسانەو زمان و دابونەریت و ڕۆشنبیری کەڵەکەبووی کۆمەڵایەتی سود وەرگرێت، هەتا هێزو خیتابی شیعریەت و هونەریانەی واتادار و ستاتیکی بدات بەدەق.

لێرەوە دەگەڕێینەوە بۆبابەتەکەمان، دەڵێین شاعیر بەهەمان شێوەی منداڵ، دەقی وابەرهەم دێنێت کە کەرەستەکان دەکات بە زیندوی ڕۆحلەبەر، ڕەفتارو دیالۆگ و هەڵسوکەوتی ئاساییان لەگەڵدا دەکات، لەتیف هەڵمەت دەڵێت:

(شەپۆلی دەریایەکم وەستان
لێم پرسی بۆکوێ ؟
وتی نازانم ){ محمدکوردۆ:٢٠٠٦: ٤٣}

لێرەدا شەپۆلی دەریا کراوە بەگیانلەبەرو زیندوو، شاعیر وەستاندویەتی، گفتوگۆی لەگەڵدا کردوە، توانای (ڕۆیشتن، وەستان، گوێگرتن، قسەکردن)ی پێداوە، ئەگەر ئەم وێنە شیعرییە بە پێوەری گیان بەبەرداکردن (personification)ی منداڵانە بۆبێگیانەکان بەراورد بکەین، هەمان ڕۆحیەت و ستایڵی منداڵانە لەخۆ دەگرێت، شاعیر وەك دەقەکانی تری هاوشێوەی ئەمە، بەکەرەستەی ئاسایی، کەشێکی وای دروستکروە کە لەخەیاڵ و بیرو دەربڕینی منداڵانە بچێت.

هەر لەم جۆرە نموونەیە لای شێرکۆ بێکەسیش زۆر دەبینرێت، بۆنموونە:

(وەختێ هاتیت و
گەیشتی
هەریەکەم شەو
دەربەند باسەڕە
پێی وتم){ محەمەدکوردۆ:٢٠٠٦: ٩٧}

لەم دەقەدا شاعیر بەخەیاڵ پرۆسەی گیان بەبەرداکردنی بێگیانی ئەنجامداوە و (دەربەندی باسەڕە) ی کردووە بەقسەکەرو خاوەن هەست، ئێمە لێرەدا بۆئەوەی لە بابەتی سەرەکی خۆماندا بمێنینەوە، دێینەوە سەر بابەتی خەیاڵ و خەیاڵگەرایی منداڵانە لەدەقی شیعریدا، دەتوانین چەندین نموونە وەربگرین و شیتەڵی پراکتیکی جۆراوجۆری تەوزیفی خەیاڵی شاعیری تیادا بکەین، کە بەجۆرو شێوازی تر خەیاڵی منداڵانە بەرجەستەکراون و تەکنیکی جیاوازترن، بۆنموونە، لەناو خەیاڵی شاعیردا جۆرێکی تایبەت هەیە کە هەمان فۆتۆکۆپی خەیاڵی منداڵە، شاعیر بەشێوەیەکی منداڵانە خەیاڵ دەکات و بۆ دیاردەکان دەچێت، ئەگەر شیعرەکەی تەرجەمە بکەین و بیگۆڕین بۆ وتە و ڕستەی ئاسایی، ئەوا قسەیەکی منداڵانەی لێ دەردەچێت و هیچ بنەمایەکی لۆژیکی پێوە نابینرێت:

(دیواریش
جلی نوێی دەوێ
ئەی ئەوەنیە
جەژنان بۆیەی دەکەن){لەتیف هەڵمەت:٢٠٠٦ : 293.}

دیوار بێگیانە، بەڵام شاعیر بەخەیاڵ کردویەتی بەمرۆڤ، چونکە ئەوە مرۆڤە کە لەناو هەموو زیندەوەرەکاندا بەجل لەبەرکردن جیادەکرێتەوە، بەکارهێنانی ئاوەڵناوی (نوێ) لەگەڵ (جل) دا، بیرهێنانەوەیەکی منداڵی تێدایە، چونکە منداڵ زۆر بایەخ بە پۆشاکی نوێ دەدات بۆجەژن و خەونی پێوە دەبینێت، هەمیشە ڕۆژەکانی پێش جەژن دەژمێرێت بۆئەوەی زوو ڕۆژی جەژن بێت و جلی نوێ لەبەربکات.

لەم وێنە شیعریەدا خەیاڵ ڕۆڵی سەرەکی بینیوە، چونکە بەخەیاڵ وای گریمانە کردوە کە بۆیاخ کردنی دیوار، بریتیە لە لەبەرکردنی جلی نوێ، جگە لەوەیش هاوشان لەگەڵ خەیاڵدا هەستی بینین ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە بۆ دروستکردنی وێنەکە نەك

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

عەقڵ و لۆژیك، چونکە لە هیچ شوێنێکی عەقڵدا جێگای نابێتەوە کە دیوار جل لەبەر بکات، ئەم خەیاڵە زۆر لەخەیاڵی منداڵەوە نزیکە، بەڵام بەهەمان شێوە دەقێکە بۆ گەورەکان نووسراوە نەك منداڵ، بەڵام بەڕیتمێکی منداڵانەو دەربڕینێکی سادەو ساکار.

هەروەها لەتیف هەڵمەت دەڵێت:

(مردویش قسەدەکەن، بەڵام ئێمە لەزمانیان تێناگەین){ لەتیف هەڵمەت: ٢٠٠٦ :١١٦}

لێرەشیدا دیسان خەیاڵ و وەهمی شاعیر هاوشێوەی خەیاڵی منداڵ کەوتوەتەگەڕ و خەیاڵێکی منداڵانەی دروستکردوە، شاعیر پێی وایە کە مردن کۆتایی شتەکان نیە، ئەوەتا مردوەکان قسەدەکەن، ئەمە ڕەتکردنەوەی ڕاڤەی زانستی و پزیشکیە بۆ دیاردەی مردن، چونکە شاعیر پێی وایە لەودیوی مردنەوە قسە هەیە، ژیان هەیە، بەڵام ئەوە مرۆڤە زیندوەکانن کە لەوان تێناگەن، ئەمەیش وەك باسمان کرد خەیاڵێکی منداڵانەی جوانە، نووسەری هاوچەرخی ئینگلیزی (نانت نیومن) بەوردی کاری لەسەر ئەندێشەو خەیاڵی منداڵ لەبارەی مردنەوە کردووە، بەشێوەی مەیدانی و پراکتیکی نموونەی لە چەندین منداڵ وەرگرتوە، لەکتێبێکیدا کە لەساڵی 1972 دا بڵاوی کردووەتەوە، تیایدا لەبارەی مردنی نەنکیانەوە پرسیاری لە چەندین منداڵ کردووە، کە پێشتر نەنکیان کۆچی دوایی کردبوو، هەریەکێک لەومنداڵانە وەڵامێکیان داوەتەوە کە تێکڕای وەڵامەکان لەیەك خاڵدا کۆببونەوە، ئەویش نەمری و مانەوەو زیندوێتی مردوەکان بووە، بۆنموونە: یەکێك لەمنداڵەکان لەوەڵامدا وتویەتی: (نەنکم ڕۆیشتوە بۆئەوپەڕی دنیا، لەوێ شارێك هەیە.){قیصر امین پور:١٣٨٨ :٧٩ }، هەموو وەڵامەکانی تر هەڵگری هەمان جۆر لەدیدو بۆچوونن، لێرەدا شیعریەت و فانتازیاو ستاتیکای شیعری لای لەتیف هەڵمەت بە ڕوونی دەردەکەوێت، کە بە چ نەفەس و لۆژیکێکی منداڵانەو بەرائەتەوە باس لە مردن و مردووان دەکات.

ماوەتەوە بڵێین ڕەهەندێکی تری ئەمجۆرە دەقانە لای لەتیف هەڵمەت باکگراوند و بنەمایەکی قووڵی سایکۆلۆجییان هەیە، ئەویش لە زەمەنی مردنی دایکیەوە کە شاعیر ئەودەمە منداڵ بووە، لە ناخیدا چەکەرەی کردووە، کە بریتیە لە هەستکردن بەغیاب و بۆشایی سۆزی دایك، بۆیە شاعیر هەمیشە وەك قەرەبوویەك بۆ ئەو لەدەستچوونە دەیەوێت لە دەقەکانیدا منداڵیی و جیهانی منداڵانە بسازێنێت، پاڵپشتی بۆچوونەکەشمان لەم دەقەی خوارەوەدا دەبینینەوە کە ناوی (بزرکردن)ە:

( کە دایکم مرد
لەڕێگەی گۆڕستان
منداڵیم بزرکرد) {لەتیف هەڵمەت:٢٠١٤ :١٢٦٧ }

لێرەدا شاعیر جوگرافیای شیعری کردووە بەپانتاییەك بۆ پراکتیزەکردنی منداڵیی خۆی، لەلایەکی تریشەوە مرۆڤ هەرچەندە تەمەنی گەورەبێت، بەڵام هەتا دایکی لە ژیاندا بمێنێت لە دیدی ئەودا بەردەوام ئەم هەرمنداڵەکەی جارانە، بۆیە شاعیر کە ئەم دیدو تێڕوانین و هەستەی دایکی لەدەست دەدات، دێت لە تەمەنی گەورەییدا هەردوو قۆناغی منداڵی و گەورەیی تێکەڵ دەکات و بەدەربڕینی منداڵانە شیعر بۆ گەورەکان دەنووسێت.

**ئەنجامی توێژینەوەکە**

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە لە ئەدەبی کوردیدا جۆرێکی تایبەت لەشیعرمان هەیە کە بەڕۆحیەت و هەناسەو دەربڕینێکی منداڵانەوە نووسراون، بەڵام هاوکات هەڵگری دیدێکی قووڵی فەلسەفی و مەعریفین و ئاستێکی باڵاو بەرزی هونەری و فیکری و لۆژیکییان پێوە دەبینرێت، بەکارهێنانی ئەم تەکنیکەش لەلایەن هەندێک لە شاعیرانمانەوە، دەگەڕێتەوە بۆ بوونی هوشیارییەکی بەرزو ڕۆشنبیرییەکی قووڵ لای ئەوان، کە دەیانەوێت بەم شێوازو فۆرمە لەنووسین، سنووری باوی شیعر تێپەڕێنن، تا دواجار دەقێکی پراوپڕ لە شیعرییەت و ستیاتیکاو چێژ بخولقێنن کە بە ڕواڵەت و فۆرم سادە و منداڵانە بێت، بەڵام بە ناوەرۆک پڕ لە واتاو دەلالەت و بیروەمەعریفەی مرۆڤایەتی بێت و بۆ جیهانی گەورەکان نووسرابێت، بۆ ئەم مەبەستەش سودیان لە بەرجەستەکردنی ڕەفتارو دەربڕین و سایکۆلۆجیای منداڵانە وەرگرتووە، تا دواجار وێنەیەکی منداڵانەی ساکار بدەن بە دەقەکانیان و لە جیهانی پڕ ئەفسونی منداڵییەوە نزیکیان بکەنەوە.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**سەرچاوەکان**

**١-کتێب بەکوردی**

1- بەرزنجی(عەبدوڵڵا تاهیر):٢٠١٦،ئەندازەی وشەوێنە، لەبارەی ئەزموونی(تەیب جەبار)ی شاعیرەوە، چ١، چاپخانەی پەنجەرە، سلێمانی.
2- بەرزنجی(د. عەلی تاهیر):٢٠١٤، چەند توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی، چ 2، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
3- بەسیر(د.کامیل حەسەن ) :١٩٨٣، ڕەخنەسازی، مێژوو پەیڕەوکردن، چ 1، چاپخانەی کۆڕ زانیاری کورد، بەغداد.
4- جەبار(تەیب) :٢٠١٥، گەڕان بەدوای ئیقاعی وشەدا، چ 2، چاپخانەی پەنجەرە، سلێمانی.
5- کوردۆ(محمد):٢٠٠٦، گەڕان بەدوای شیعرو جیاوازیدا، چ 1، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
6- هاڵبێرگ(پیتەر و دانەرانی تر):٢٠١٠، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، ئامادەکردن و وەرگێڕانی : ئەنوەر قادر محمد، چ1، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.
7- هەڵمەت(لەتیف):2014، کۆبەرهەمی لەتیف هەڵمەت،چ١، لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووس " چاپخانەی تاران.
8- هۆراس:١٩٧٩، هونەری شیعر، وەرگێرانی : حەمید عەزیز، چ 1، بەغدا.
9- هەڵمەت(لەتیف): ٢٠٠٠، دیوانی لەتیف هەڵمەت، بەرگی دووەم، سلێمانی.
10- هەڵمەت(لەتیف):٢٠٠٦، دیوانی لەتیف هەڵمەت، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، چاپخانەی پەیڤ، سلێمانی.

**2- کتێب بە عەرەبی**

1. أدونيس:١٩٨٠، الثابت والمتحول، بحث في الإتباع عند العرب،-1- (الأصول)، ط2، لبنان، بيروت.
2. أدجار(أندر) و سيدجويك( بيتر):2014، موسوعة النظرية الثقافية، المفاهيم والمصطلحات الأساسية، ترجمة: هناء الجوهري، ط2، المركز القومي للترجمة، القاهرة.
3. (يوسف البقاعي) شفيق: 1425هـ، نظرية الأدب، منشورات جامعة السابع من أبريل، ط1، ليبيا.
4. تشانلر(دانيال):٢٠٠٢، معجم المصطلحات الأساسية في علم العلامات، (السيموطيقا)، ترجمة: شاكر عبدالحميد، اكاديمية الفنون، وحدة إصدارات، دراسات نقدية.
5. خليل (الدكتور خليل أحمد):١٩٩٥، معجم المصطلحات الفلسفية (عربي – فرنسي – انكليزي)، دار الفكر اللبناني، ط1، بيروت - لبنان.
6. ويليك (رينية):٢٠٠٠، الهجوم على الأدب، ترجمة: حنا عبود، ط1، الأهالي للطباعة والنشر، دمشق، سوريا.

**3- کتێب بە فارسی**

1- پياژه(ژان) و اينهلدر(باربل)، ١٣٦٩، روان شناسی کودک، ترجمه:زينت توفيق، چاپ پنجم، نشر نی، تهران.
2- أمين پور(قيصر)، ١٣٨٨، شعرو کودکی، چاپ چهارم، انتشارات مرواريد، تهران.
3- دروتی(سينگر) و و تريسی(ج.و) و رونسن (ا)، ١٣٦٠، مقدمه‌ای بر پياژه، ( کودک چگونه فکرمی کند)، ترجمه:مصطفی کريمی، چاپ اول، انتشارات اموزش، تهران.
4-داد، سيما:1378، فرهنگ اصطلاحات أدبی، واژه‌نامه مفاهيم واصطلاحات أدبی فارسی و أوروپائی به‌شيوه تطبيقی و توضيحی، إنتشارات مرواريد، چاپ چهارم، تهران.
5- براهني(رضا):1358, طلا درمس, (در شعر و شاعيری), چاپ سوم، کتاب زمان، تهران.
6- ميرصادقی(جمال) و ميرصادقی(ميمنت):١٣٧٧، (واژه نامه هنر داستان نوسيی)، چاپ أول، تهران.

**گۆڤار بە عەرەبی**

1- النصير (ياسين):٢٠١٦، الأشياء شعراً، الشعر أشياء، مجلة الثقافة الأجنبية، العدد 383.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.3
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)